# نما

ژماره ١٩ ی ٢٠٠٥

گۆڤارێکی فیکریی ئەدەبی
وەرزی سەربەخۆیە
سەنتەری لێکۆڵینەوەی
فیکریی‌و ئەدەبی نما
لەهەولێر دەریدەکات


پیتچنین:
عیماد رەسوڵ ئیسماعیل
رابەر محەمەد قادر
رزگار حەسەن شین


## ئازادی بیر لێکۆڵینەوە عەقڵانیەت


خاوەنی ئیمتیاز : ئیسماعیل کوردە

سەرنووسەر : ئاسۆ جەلال
بەرێوبەری نوسین: جەمال پیرە

راوێژکاری نما : رێبین رەسوڵ ئیسماعیل

سەرپەرشتیاری ئەدەبی: عبدولموتەڵیب عەبدوڵلا

هەولێر ٢٠٠٥



ناونیشانی گۆڤاری نما : هەولێر ـ رێگای پەرلەمان
ت: ٤٤٧٣٩٨١ ـ ٤٤٧٣٩٧٩ ـ ٤٤٨١٥٧٧ ـ ٤٥١٤٦٨٠ ـ ٢٢٣٣١١٨
ئیمێڵ: NMA_MAGAZINE@HOTMAIL.COM
GOVARINMA@YAHOO.COM

## لەم ژمارەیەدا


* کلاورۆژنە.......................................................................................................٣
* فەلسەفەی هیگڵ.................عەبدولفەتاح ئەلدیدی.......و: ڕێبین ڕەسوڵ..........................٥
*ئسولیەتو عەلمانیەت...................................و: حیکمەت نامق، ئازاد گراوی.......................١٦
*نیگەرانی لەئازادی.................................................... رابەر تەڵعەت..........................٤٣
* جیهان وەکو نەمەتێکی لۆژیکی..................ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل..................................٤٧
*کۆمەڵی مەدەنی...........................................................بەختیار محەمەد....................٦٤

**نمای ئەدەبی**

* ئەم هزرمەندە بێسوودە...................................................و:هەندرێن.........................٧٠
* دەربارەی وەرگێرانی ئەدەبی.................میلان کۆندێرا...و: محەمەد حسێن....................٧٣
* خوشکە سپیەکانی ناو ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیا...............مەجید عەزیز..................٧٧

**نسێی نما** ....... **شوێنپێگەلێك لە سەردانانامەی کوردستان**

**پێگەیشتنی ڕەوتەکانی نیگای پاییزیی تاراوگەو یادەوەریی لاوێ**........... هەندرێن.................١٠٩


*جگە لەکلاورۆژنە نووسینەکان راوبۆچوونی نوسەرەکان دەردەبڕن

* هەر نوسینێك بلاونەکرایەوە ، نووسەر بۆی هەیە داوای بکاتەوە.

## کلاورۆژنە

**٢٠٠٥/٩/٢١**

# شەش ساڵ بەسەر دامەزراندنی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی‌و ئەدەبی نمادا تێدەپەڕی

شەش ساڵ بەر لەئەمرۆ ، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی‌و ئەدەبی نما، تروسکایی بەخۆیەوە بینی، ئەو تروسکاییەی کە بەماندووبوونێکی زۆرو ڕێگایەکی سەختدا سەرکەوت، بەرێگایەکدا کە پڕبوو لەکارو ماندووبوونی بێ بەرامبەرو بەرهەمی زۆرو زەوەندی رۆشنبیری، لە زەمان‌و زەمینەیەکدا کە دەرکەوتنی تروسکاییەکان گران‌و دژواربوون، زەمان‌و زەمینەی نالەباری ئازادی ، کە کەم کەس بوێربوون لەنێو تاسانی رۆحدا قسەیەکی ئازاد بکەن لەشارێکی نائازادا، کە هەولێربوو، کەچی کۆمەڵێك گەنج بوون لەدەوری (نما) کۆبوونەوە، بەو گیانەی دەمانەویست قسەیەك بکەین، گوتارێك بەرهەم بهێنین، جێگای ئومێدو ئایندەیەکی رووناك بێت.

سەرەتا بە گروهو دواتر بەکۆرگێران‌و دواجار بە دەرکردنی گۆڤاری نما ، لەدایکبوونەکەمان پەرەی گرت، لەگەڵ یەکەم ژمارەدا هەنگاوەکان ڕێگری دەهاتە پێش‌و ، کارو چالاکی رۆشنبیریمان پێویستی بە پشتیوانی زێتر بوو، کەمتر توانیمان لەرووی ماددیەوە جێگیرو سەقامگیربین، بەرادەی ئەوەی پێویستیمان بەکەس نەبێت، وەلێ لەرووی مەعنەویی‌و رۆشنبیرییەوە، جێگاکەمان وردە وردە فراوانترو ، هەنگاوەکانمان ناسراوتر دەبوو، زۆر لەنووسەرو رۆشنبیران لەسەر ئاستی کوردستان، بەتایبەتی هەولێر بەدەنگمانەوە دەهاتن ، بەبێ بەرامبەر بەشدارییان لە گۆڤارەکەماندا دەکرد، لەولاشەوە پاڵپشتی‌و هیوامان کە لەچەندین کەسی ڕێزدار بەدی دەکرد سوورتری کردین لەسەر ئەوەی باوەربەوە بهێنین کە ئاسۆیەکی گەش لەدوای ئەو ناخۆشی‌و نەهامەتیانەوە دێت.

ئاسۆیەك کە ئەمرۆ شەش ساڵی بەسەردا تێدەپەڕی، لەماوەی ئەم شەش ساڵەدا، توانیومانە (١٩) ژمارەی گۆڤاری نماو(٧ ) ژمارەی شیعرنماو، (٣) ژمارەی چیرۆکنماو، (٢)ژمارەی کۆمەڵناسی‌و (٤) ژمارەی خوێندنی ئازادو، زیاتر لە(٦٠) کتێب لەبواری ئەدەب‌و فیکروفەلسەفەو مێژوو.. تاد بەچاپ بگەیەنین جگە لە زیاتر (٢٥) کۆرو کۆبوونەوەی فراوان.

لەو ماوەیەی رابردوودا کارەکانمان هەڵکشان و داکشانی تێدابووە ، بەتەنها لایەنی ئیجابی نەبووە، چەندین کەسمان بەخۆراگری ماینەوەو، چەندین کەسیشمان کە رۆڵیان هەبوو لە پرۆژەکەدا لە نیوەی کارەکان و یان دوای و یان سەرەتای دەسپێکردنمان لەگەڵماندا درێژەیان پێنەدا..
ئەمرۆش نما لەتەواوی کارەکانیدا بەستافێکی تارادەیەك گونجاو کارەکانی دەکات، کەجێگای ناوهێنانن( رێبین رەسول ئسماعیل، ئیسماعیل کوردە، موتەڵیب عەبدوڵلا، ئازاد سوبحی، جەمال پیرە، ئاسۆ جەلال، ستار باقی، یوسف عوسمان حەمەد، ئەژین عەبدولخالق، زرار سەرتاش،د. فەرهاد پیربالّ، د. ئەحمەدی مەلا، هەندرێن، مەسعود بابایی) کارمەندانی ماندوو نەناسیی سەنتەرەکەش کە پێکهاتوون لە( نیاز صالّح ، ئارام رەمەزان، عیماد رەسوڵ،رزگار حەسەن شین، رابەر محەمەد قادر ، هاومەند سەباح..تاد) .. لەو یادەشدا کە بەوهیوایەین ساڵەکانی داهاتوومان پڕ بەرهەمتر بێت، بەپێویستی دەزانین سوپاسی هەموو ئەو برادەرانەش بکەین کە لەرابردوودا بەپێی توانا هاوکارو بەشداربوون لە کارەکانماندا، جگە لەوەی کە بەلامانەوە گرنگە سوپاسی هەموو ئەم بەرێزانەش بکەین کە لەکاتی جیا جیادا هاوکارو پشتیوانمان بوون.

نما

٢٠٠٥/٩/٢١